

# بیۆگرافیای ژیان و بەرهەمی دیکارت


نووسینی : د.کەریم موجتەهیدی

لە فارسییەوە : ئیسماعیل ئیسماعیل زادە


لە (٣١)ی مارسی ساڵی (١٥٩٦) رینیە دیکارت لە گوندێکی بچوك بە ناوی لاهە، لە دەوروبەری شاری تورێن لەدایکبووە. (ئەمڕۆکە بەم ناوچەیە دەگوتریت لاهە ـ دیکارت). باوکی بە ناوی ژۆئاسیم دیکارت، راوێژکار بووە لە پارلەمانی شاری رێن لە بە ریتانیا (ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دواییکردوە). ناوی دایکی ژان بروشار بووە کە لە (١٣)ی مەی (١٥٩٧) و ساڵێك پاش لەدایکبوونی کورەکەی دەمرێت.

ساڵی(١٥٩٧ ـ ١٦٠٦): نەنکی (دایکی دایکی) بەیارمەتیی دایەنێك بەخێوکردنی رینیە دیکارتی گرتوتە ئەستۆ. دیکارت تا کۆتایی تەمەنی دایەنی خۆی لەبیر ناکات و موچەیەکی وەك مانگانە پیدەدا، هەروەها پاش مردنیشی بە ئەرکی میراتگرانی خۆی زانیوە، کە ئەم کارە بکەن.

ساڵی(١٦٠٦ ـ ١٦١٤): لەم قۆناغەدا دیکارت چوەتە خوێندنگەی یسوعیی لافلیش (١). لە ساڵی (١٦٠٦)دا ئەرکی بەڕێوەبەری ئەم خوێندنگەیە لەئەستۆ، یەکێك لە خزمانی دیکارت واتە شارڵی بووە و بەهۆی لاوازیی جەستەیی دیکارتەوە، فەرمانی بە خوێندگەکە داوە، بەشێوەی تایبەتیی ئاگایان لێی بێ و هەر بەم بۆنەیەوە مۆڵەتی پێدرا زیاتر پشوو بدات. دیکارت لە ماوەی

ژیانیدا، خۆی بە قەرزداری ئەو مامۆستایانە دەزانی، کە لەم خوێندنگایەدا بە شێوەی بنەڕەتی پەروەردەیەکی باشکراوە، بەتایبەتی لە وانەکانی بیرکاریی کە بە پێی بەرنامەی ناسراوی کلاڤیوس(٢) گوتراونەتەوە و لە گۆڕانی فکریی دیکارتدا زۆرگرنگبوون، پاشان رەخنەکانی دیکارت زیاتر لە وانە و رێکخستنی ئیداری خوێندنگا بووە، نەك ئەو کەسانەی لە لافلێش وانەیان دەگوتەوە.

ساڵی(١٦١٦): لە (٩)ەوە هەتا (١٠)ی نۆڤەمبری هەمان ساڵدا، دیکارت لە زانینگەی پواتیێ بەڵگەنامەی فەرمی لە بەشی ماف وەردەگرێ، ئەم زانینگەیە لەم بەشەدا ناوبانگێکی زۆری هەبووە.

ساڵی (١٦١٤) ـ کۆتایی ساڵی(١٦١٧): بەگشتی لەم قۆناغەدا زانیارییەکی ئەوتۆمان لە سەر ژیانی دیکارت نییە، دەڵێن لەو سەردەمەدا ئەو زیاتر پێیخۆش بووە، تێکەڵاوی خەڵکی بێت و بچێتە میوانی و کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بە وەرزشی باوی ئەو سەردەمە، وەك یاری شمشێر و سواری و شتی لەم چەشنە سەرقاڵبووە.

ساڵی(١٦١٨): لە سەرەتای ئەم ساڵەدا، دیکارت چوەتە شاری بێرێدا لە هۆڵەندا و لەوێ لە ناوەندێکدا کە لە ژێر چاودێریی موریس دوناسەو(٣) شازادەی پرۆتستانتی ئەورانژ کەپەروەردەیکی سەربازیی هەبووە، بەشدارییدەکات. لە سەرەتادا ژیانی ناو ئەو ناوەندە سەربازییە زۆر شەکەتهێنەر بووە، بەڵام دواتر بەهۆی ئاشنابوونی دیکارت لەگەڵ ئیسحاق بیکمەن(٤) زۆر شت لەو شوێنە فێر دەبێ. باسوخواس و هاریکاریی ئەو دوانە لەگەڵ یەکتر لە بواری بیرکاری و مۆسیقا و رەنگە حاڵەتی دەروونی و رۆحیدا، زۆر بەسوود و کاریگەر بووە.

پاش دوازدە ساڵ بەهۆی ئەوەی کە بیکمەن هەوڵدەدا تەواوی بیر و بۆچوون و دۆزینەوەکانی دیکارت بکات بە هی خۆی، ناکۆکییەك لە نێوانیاندا سەر هەڵدەدا، کە هەڵبەت دیکارتیش لە نامەکانی خۆیدا، بەخراپە باسی بیکمەن دەکات. سەرەڕای ئەمانە ئەو دوانە پاش ماوەیەك لەگەڵ یەکتر ئاشت دەبنەوە و دیسان چەشنێك هاوکاریی فکری و زانستی لە ناوانیاندا ساز دەبێتەوە، بەجۆرێ کە بیکمەن لە ساڵی (١٦٣٤)دا کتێبی بەناوبانگی گالیلۆ بۆ دیکارت دەنێرێت، کتێبێکی کە ساڵێك لەمەوبەر بە شێوەی فەرمی شەرمەزارکرانەکەی راگەیاندرا بوو.

ساڵی(١٦١٩): دیکارت لە مانگی ئاپریلی ئەو ساڵە لە هۆڵەندەوە دەچێ بۆ دانیمارك و ئەڵمان. وردەکاتریی ژیانی ئەو لەم قۆناغەدا بۆ ئێمە روون نییە. رەنگە ئەو لیکۆڵینەوەی لە سەر گرووپی خاچی گوڵی سوور(٥) کردوە. دیکارت دواجار دەچێتە ناو سوپای کاسۆلیکی دوك باڤیەر. دەگێرنەوە کە دیکارت لە شەوی دەیەم و یازدەیەمی نۆڤەمبری ئەو ساڵەدا، سێ خەون دەبینێ، کە زۆریان کار لە هەستیداکردووە و بە بۆچوونی خۆشی بە هۆی ئەو خەونانەوە بنەمای زانستێکی لەرادەبەدەر بۆ ئەو کەشفدەبێ و ئاراستەی بڕیارەکان و کارەکانی دواتری ئەو دەردەکەوێ. ئەو نەزر دەکات کە بچێت بۆ زیارەتی کەنیسەی مریەم لۆریت (٦).

ساڵی(١٦٢٠): دیکارت بەڵێنە سەربازییەکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە. سەرەڕای ئەمە رەنگە لە شەڕی شاخی سپی(٧)دا (لە پراگ) بەشداریی کردبێ، شەڕێکی کە بە هۆیەوە فرێدریکی پێنجەم(٨) پاشای بوهیم کە پشتیوانی لە پرۆتستانەکان کردوە، تاج و تەختی بەخت بووە. ئەگەر هەیە دیکارت پێش هەڵگیرسانی شەڕ سوپای بەجێهێشتووە و بەشداریی تێدا نەکردووە. شایانی باسە کە فرێدریکی پێنجەم باوکی شازادە خاتوون ئێلیزابێت بووە، ئێلیزابێت لە ساڵی (١٦٤٣)ەوە وەك چاکترین دۆستی دیکارت دەرکەوت.

ساڵی(١٦٢ ـ ١٦٢١): سەبارەت بەم قۆناغە زانیارییەکی وەها بەدەستەوە نییە، هەر ئەوندە دەزانین کە دیکارت زیاتر لە سەفەرکردندا بووە.

ساڵی (١٦٢٢ ـ ١٦٢٣) : لەم ساڵانەدا دیکارت لە فەرەنسا نیشتەجێ دەبێ و موڵکە بە میرات پێگەیشتووەکانی خۆی دەفرۆشێت، هەتا سەربەخۆیی دارایی و هێمنی و ئاسوودەیی خۆی دابینبکات، بەگشتی دیکارت لە ژیانیدا داراییەکی باشی هەبووە. هەڵبەت زانیاری ورد لە سەر داهات و بژێوی ئەو بەدەستەوە نییە. ئەگەر هەیە کە لە بانکەکانی هۆڵەندەدا پارەی خەواندبێ. ساڵی (١٦٤٧) ناوی بۆ وەرگرتنی مانگانەی هەمیشەیی لە دەربار تۆمار دەکرێ، بەڵام دیکارت هیچ کات بەکردەوە مانگانەکەی وەرنەگرت. تەنانەت لەو ماوە کورتەی کە لە سوپادا بووە نە موچەی وەرگرتووە و نە یارمەتی مانگانە.

*ساڵی(١٦٢٣ ـ ١٦٢٥): لەم ساڵانەدا دیکارت لە ئیتاڵیا چووە بۆ سەیر و سەفەر.

*ساڵی(١٦٢٥ ـ ١٦٢٨): ئەو لە فەرەنسا و بەتایبەتیی لە پاریس نیشتەجێ بووە.

*ساڵی(١٦٢٨): دیکارت لەم ساڵەدا سەرقاڵی نووسینی دەقی لاتینی کتێبی قواعد بووە، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکات و لە سەردەمی ژیانی نووسەردا چاپ و بڵاونەبووە. یەکەمجار لە ساڵی (١٧٠١)دا، واتە (٥١)ساڵ پاش مردنی فەیلسوف چاپیانکردوە. دیکارت لە وەرزی پاییزی هەر ئەم ساڵەدا دەچێ بۆ هۆڵەندە و تا ساڵی (١٦٤٩)لەوێ دەژی. ئەو بێجگەلە پێنج ساڵی کۆتایی ژیانی نەبێ، زۆربەی جاران شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی دەگۆڕیوە.

*ساڵی(١٦٣٣): لە نۆڤەمبری ئەم ساڵەدا دیکارت ئاگادار دەبێ، کە نوسینەکەی گالیلۆ لە مانگی ژووەندا شەرمەزار کراوە. لەبەر ئەوە کە نامیلکەی جیهان بە زمانی فەرەنسا تەواو دەکات، خۆی لە چاپکردنی دەبوێرێ. ئەم نامیلکەیە و دەقی فەرەنسایی نامیلکەی مرۆڤ لە ساڵی (١٦٦٤)دا واتە چاردە ساڵ پاش مردنی فەیلسوف چاپ و بڵاوبووەتەوە.

*ساڵی(١٦٣٧): لە ژووەنی ئەم ساڵەدا، نامیلکەی پەیڤ

له ڕەوشتدا به زمانی فەرەنسا له شاری لیدن، به بێ ناوی نووسەر چاپدەکرێ، هەروەها لەگەڵ چەند نامیلکەیەکیش سەبارەت به زانستی بینین و ئێزەکیەکان و هەندەسە. زیاتر سەرنج بەم سێ نوسینەی دوایی دەدرێ، که هەڵبەت کەوتنه بەر ڕەخنەی زانایانێکی وەك ڕۆبێرڤال(٩) و فێرما(١٠) که باوکی پاسکاڵیش لەگەڵی هاوڕا بووە، به پێی گریبەستێکی که، سەبارەت بەم بەرهەمە، لەگەڵ بڵاوکەرەوە نووسرابوو، هەموو مافەکانی نووسەر به خۆڕایی درابوو به بڵاوکەرەوەی کتێبەکە و بەگشتی دووسەد بەرگ لەم کتێبە چاپکراوە.

*ساڵی(١٦٤٠): له مانگی ئۆکتۆبری ئەم ساڵەدا ژۆئاشیم دیکارت باوکی دیکارت دەمرێ.

*ساڵی(١٦٤١): چاپی دەقی لاتینیی تێڕامانەکان. چاپی یەکەم شەش ڕەخنە و وەڵامی تیدایە، بەپێی خوێندنەوەی دەستنووسەکە نووسراوەتەوە و لەگەڵ دەقی سەرەکی چاپکراوە.

وەرگێڕانی فەرەنسایی دەقی تێڕامانەکان له ئەستۆی کەسیك بووە، به ناوی لوین(١١) و ڕەخنەکان و وەڵامەکانی دیکارت له لایەن کلێرسێلیە(١٢) وەرگێڕدراوەتەوە، که به گشتی ساڵی (١٦٤٧) له پاریس چاپ و بڵاوبووەتەوە. خودی دیکارت چاوی به دەقە فەرەنساییەکە کەوتووە، لەبەرئەمە بەشێك له خاڵە فکرییەکانی تایبەت به خۆی وردتر ڕوونکردوەتەوە. به بۆچوونی بایە(١٣) دەقی فەرەنساییەکە به تەواویی جێمتمانەیە.

ساڵی(١٦٤١ تا ١٦٤٥): لەم قۆناغەدا فکر و ئەندێشەی دیکارت به تەواوی مشتومڕی لەسەر دەکرێ و له دیسامبری (١٦٤١)، له شاری ئوتریشت(١٤) کەسێك به ناوی ڤۆتیوس(١٥) که مامۆستای زانینگەیە و چیها ساڵ دژی بیروبۆچوونی دیکارت بوو به فەرمی به بێ دینیشی تاوانبار دەکات.

له (١٧)ی مارسی (١٦٤٢)، زانینگە ئەو شتە شەرمەزار دەکات که پێی دەڵا فەلسەفەی نوێ (به بیئاماژەکردن به ناوی فیلسوف). ناکۆکی هەروا درێژەی دەبێ، هەتا ساڵی (١٦٤٣) شەرمەزارکردنێکی دیکە، تووشی فەلسەفەی دیکارت دەکەن، که ئەمجارەیان لەوەدەچێ زۆر مەترسیدارتر بووبێت. هەڵبەت به ناوبژیوانی دۆستانی دیکارت و باڵیۆزی فەرەنسا له هۆڵەندە، له هەڕەشەکان کەمتر دەبێتەوە. له ساڵی (١٦٤٥)مشتومڕەکان به گرژیەکی زیاترەوە دەستپێدەکەنەوە، هەتا ئەوەی له (١٢)ی ژووەندا، زانینگە بڵاوکرنەوەی هەموو چەشنە نووسینیکی چاك، یان خراپ سەبارەت به بۆچوونی دیکارت یاساغ دەکات.

*ساڵی(١٦٤٣): لەم ساڵە بەدواوە دیکارت لەگەڵ شازادە خاتوون ئێلیزابێت، کچی پاشای پێشووی بوهێم.

* که له ساڵی (١٦٢٧)بووەتە پەناهەندە له وڵاتی هۆڵەندە، نامە دەگۆڕێتەوە، ئەم نامەگۆڕینەوەیە هەتا دوایین هەفتەی ژیانی دیکارت درێژی هەبووە.

*ساڵی(١٦٤٤): له مانگی مەی هەتا نۆڤامبری ئەم ساڵەدا، دیکارت له فەرەنسا بووە، له ئامستردام کتێبی بنەماکانی فەلسەفە به زمانی لاتینی له غیابی دیکارتدا بڵاودەبیتەوە. ڕێکەوتی چاپ، دەیەمی ژووئیەیە و کتێبەکە پێشکەشی شازادە خاتوون کراوە.

دەقی فەرەنسایی ئەم کتێبە له مەی (١٦٤٥) له لایەن قەشەیەك به ناوی پیکۆ(١٦)وە وەرگێڕدراوە، بەڵام چاوپێداخشاندنەوەی دیکارت ماوەیەکی زۆری پێچووە، هەر بۆیە دەقی فەرەنسایی ئەم بەرهەمە له ساڵی (١٦٤٧) له پاریس چاپ و بڵاوبووەتەوە. له سەرەتای ئەم چاپەدا نووسراوەیەك له دیکارت له ژێر سەردێڕی نامەی نووسەر بۆ وەرگێڕ چاپکراوە، که لەو ڕێکەوتەوە تا به ئێستا به بەرایی دیکارت له سەر کتێبی بنەماکانی فەلسەفە زانراوە.

*ساڵی(١٦٤٥ و ١٦٤٦): دیکارت به خواستی شازادە خاتوون ئێلیزابێت، تەواوی وەرزی زستانی بۆ نووسینی نامیلکەی ئالوگۆڕە ناخییەکان تەرخانکردوە.

*ساڵی(١٦٤٧): له ئاپریلی ئەمساڵەدا له لیدن دیکارت به پلاژین(١٧) تاوانبار دەکەن. ئەم تاوانە له لایەن کەسێکەوە به ناوی هانری لێرەی(١٨) بووە و شکاتی لێکردوە. ئەم جارەش باڵیۆزی فەرەنسا هانا دەبات بۆ شازادە ئورانژ، هەتا بەر بەقووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان بگرێ. لەئاکامدا زانینگە له ئوتی ئەو ساڵەدا، هەر چەشنە ڕاو بۆچوونێك سەبارەت به دیکارت قەدەغە دەکات. له مانگی ژووەن و نۆڤەمبردا دیکارت بۆ دووەم جار چووە بۆ فەرەنسا.

لەم ماوەیەدا پاش ناکۆکییەکەی که بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەگەڵ هۆبز و گاساندیدا بوویەتی، لەگەڵیان ئاشت دەبێتەوە و سەردانی پاسکالیش دەکات. له مانگی دیسەمبر دیسانەوە لەگەڵ ڕیژیوس تێکدەچێ، لەئاکامدا زانینگەی





شاری لیدن لە ساڵی (١٦٤٨)دا رازی دەبێ، کە کورسییەکی بەتاڵی مامۆستایەتی بدات بە دیکارت.

ســــاڵی(١٦٤٨): لە مانگی مـەیـەوە تا ئـووت، دیکارت سێهەمین و دوایین سەفەری بۆ فەرەنسا دەکات، کە لەبەر ئاژاوە سیاسییەکانی ناسراو بە فرۆند زۆر کورت بووە. لە سێپتەمبری هەر ئەم ساڵەدا میرسێن کۆچی دوایی دەکات، دیکارت هەشت ساڵ لە میرسێن گەنجتر بووە، لە خویندنگەی لافلێش لەگەڵی ئاشنا ببوو و لە راستیدا لە تەواوی تەمەنیدا دۆست و هاورێی بووە و نامەی بۆ نووسیوە. کاتێ دیکارت دەچێ بۆ هۆلەندە، بە کردەوە ئەو وەك نوێنەری خۆی لە پاریس دادەنێ. (بایە) بە رەخنەگرتن لە میرسێن کوتوویەتی کە: ئەو توانستێکی تایبەتیی هەبووە بۆ سازکردنی ناکۆکی و دریژەپێدانی لە ناو زاناکاندا. لەم ساڵەدا دیکارت چاو بە نامیلکەی مرۆڤ دا دەخشێنێتەوە و تەواوی دەکات.

*ســــاڵی(١٦٤٩): لە فێڤریەی ئـەم ساڵـەدا کریستیەن مەلەکەی سوید دیکارت بانگهیشتدەکات بۆ ئەوەی لە سوید بمێنێتەوە. دیکارت لە سەرەتادا زۆر دوو دڵ دەبێ، بەڵام لەئاکامدا لە مانگی سێپتەمبەر دەچێت بۆ ستۆکهۆڵم. لە نۆڤەمبری ئەم ساڵەدا، لە پاریس دەقی نامیلکەی ئالوگۆڕە ناخییەکان چاپ و بڵاو دەبیتەوە.

*ساڵی(١٦٥٠): دیکارت لە (١١) فێڤریەی ئەم ساڵەدا لە ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی دەکات. نووسین و بەڵگەنامەکانی کۆ دەکرێنەوە و دەدەرێ بە کلێرسێلیە و ئەویش هاوپیچ لەگەڵ نامەکان لە سێ بەرگدا چاپیان دەکات (لە ساڵەکانی ١٦٥٧ و ١٦٥٩ و ١٦٦٧).

*ساڵی(١٦٩١): لەم ساڵەدا کتێبی ژیانی دیکارت لە دوو بەرگدا لەلایەن ئادرین بایەوە چاپدەکرێ.

**پەراوێزەکان:**

١. la Fleche

٢. Clavius (١٥٣٧ ـ ١٦١٢): زانای بیرکاری، خەڵکی ئەڵمان کە زیاتر لە رۆما ژیاوە.

٣. Maurice J de Nassau (١٥٦٧ ـ ١٦٩٥): شـازادە پرۆتستان ئورانژ. ئەو پاش باوکی بەدەسەڵات گەیشت و لە شەڕە جۆراوجۆرەکان لێوەشاوەیی زۆری لە خۆی نیشان دا و بە شانازیی زۆر گەیشت کە لە ئاکامدا لە ساڵی ١٦٠٠ شەڕی نیوپوردا تیك شکا.

٤. Beeckmann (lsaac) (١٥٨٨ ـ ١٦٣٧): زانای بیرکاری و فیزیك، خەڵکی هۆلەند.

٥. Rose Croix

٦. Lorette

٧. Montagne J Blanche

٨. Frederic V (١٥٩٦ ـ ١٦٣٢): ئەو لە سەرتادا وەك "نوینەری پالاتن" بووە و پاش ساڵی ١٦١٩ هەتا ١٦٢٠ بووەتە پاشای بوهێم. لە ژێر کاریگەریی ژنەکەی لایەنگریی لە پرۆتستانەکان کرد و لە شەڕەکانی سی ساڵەدا لە ساڵی ١٦٢٠، لە شەڕی "شاخی شپی"دا دۆڕ و هانای برد بۆ (Provinces unies) کە لەو سەردەمدا بە باکووری بلژیك دەکوترا.

٩. Roberval (١٧٠٧ ـ ١٦٣٢): رەخنەگر و ناسینەری دیکارت.

10. (Fermat (p.) (1601 – 1665

11. Luynes

12. Clercelier (Claude) (1614 ـ 1684): فەیلسوفی فەرەنسایی کە هاندەر و دۆستی دیکارت بووە، بیروڕا گۆڕینەوەی زۆر گرینگی لەگەڵ دیکارتدا هەبووە. ناوبراو پاش مردنی دیکارت، بەشێك لە بەرهەمەکانی ئەوی وەك نامیلکەی مرۆڤ و جیهان و.. }چاپ کردوە (١٦٧٧).

١٣. (Baillet (p. Adrien : لەو کەسانە بووە، کە لە دەیەی کۆتایی سەدەی هەڤدەیەمدا دیکارتیان ناساند.

١٤. Utreecht

15. Voetius (Voet) (1589 ـ 1676): پەیڤداری پرۆتستان لە هۆلەند و مامۆستای زمانە پیرۆزە رۆژهەڵاتییەکان و زۆر نەیاری دیکارت بوو.

١٦. Picot

١٧. Pelagien: سەر بە رێبازی پێلاژ، داهێنەری ناسراوی مەسیحی لە سەدەی پێنجەمی زایینی کە ئیمانی تەنیا دەگەڕاندەوە بۆ ئیرادەی شەخسیی مرۆڤ.

١٨. Henri Le Ray (١٦٣٢ ـ ١٧٠٧): بە ریژیوس ناسرا بوو. لە سەرەتادا لە خویندکارانی دیکارت بوو، پاشان دژایەتیی لەگەڵ کرد. ئەو بەشێك لە باسەکانی دیکارتی بە شێوەی سادە نووسیوەتەوە.

ســەرچاوە :دکارت و فلسفەی او، تألیف: دکتر کریم مجتهدی، چاپ اول: ١٣٨٢، انتشارات امیرکبیر.